# ژنانی جیهان یەکگرن



دیار غەریب
diyar_helmet@yahoo.com

دروشمی سەرەکی مارکسییەکان کە بناغەی تێکۆشانی چینی بندەست و ئایدۆلۆژیای ئەم چینەیان دارِشت ئەوەبوو کە پێویستە کرێکارنی جیهان یەکگرن و بۆ یەکگرتن و تێکۆشانی هاوبەشیشیان وڵات، نەتەوە، نەژاد و رەگەز نەکەنە ئاستەنگ، چونکە ئەم فاکتەرانە ئاستەنگی و کێشە بۆ تێکۆشانی چینی بندەست و زەحمەتکێش دروست دەکەن. هەربۆیە یەکێک لەپێگەو پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای چینی بندەست ئەوەبوو کە دەبێت کرێکار لەبن ناوی نیشتمان و نەتەوەو نەژادو رەگەزدا سازش لەگەڵ سەرمایەداران نەکەن. گومانی تێدا نییە کە ئەمە وەکو پرەنسیپ پێویستییەکی ئەم قۆناخەی تێکۆشانی مرۆڤایەتی بووە، لێرەدا باس لەوە ناکەم کە بەشی زۆری ئەو بزاڤانەی کە ئەم ئایدیایەیان هەڵگرتبوو لەبەر ئەوەی خۆیان لەکاریگەرییەکانی بنەماو چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی رزگار نەکردبوو، دوای سەرکەوتنیان لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیدا خۆیان قەتیسکردو لەبن ناوی نەبوونی جیاوازی نەتەوەیشدا خواستیان ئەو نەتەوەو ئەتنیکە جیاوازانەی کە پێکەوە لەگەڵیان دەژین لەبۆتەی خۆیاندا بتوێننەوە. هەر بۆیە بەرزکردنەوەی دروشمێکی بەم رەنگەو کارکردن لەسایەیدا هەنگاوێکی بوێرانەو زیرەکانە بووە، چونکە بێ دروشمێکی وەها مەحاڵ بووە کە ئایدۆلۆژیای چینی بندەست و تێکۆشانی چینی بندەست بگاتە ئەو ئاستەی کە سەرمایەداری ناچار بکات سازش لەگەڵ کرێکاراندا بکات.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم ئەوەیە کە مرۆڤ زۆربەی کەسایەتی، رێکخراو، پارت و دەوڵەتانیش باس لەوە دەکەن کە کێشەی رەگەزی (بندەستی ژن)کێشەیەکی سەرەکی ئەم کۆمەڵگایەو پێویستی بە چارەسەری هەیە، بۆ ئەمەش هەنگاوی جیاواز جیاواز هەیەو لەرابردوو و ئێستاشدا هەوڵی زۆر کەسایەتی و رێکخراو لەم بوارەدا ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت. مارکس دەڵێ: ئازادی کۆمەڵگا بەندە بەئازادی ژنەوە. یاخود ئەنگلس دەڵێ: لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا پیاو بۆرژوایەو ژن پرۆلیتارە. لینین رێکخراوەکانی (ژینۆتیدک)ی دروستکرد بۆ راهێنانی ژنانی سۆزانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی. ژنانی وەک رۆزا لۆکسەمبوگ و کلارا زیکتین لەکۆتاییی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆڵی چالاکیان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەو چالاککردنی ژناندا، لەئەجامی تێکۆشانی ئەم کەسایەتیانەدا بووە سەرمایەداری ناچار بوو کە رۆژی 8ی مارس، کە تێیدا گەورەترین زوڵم بەرامبەر ژنان ئەنجامدرا لەکارگەکانی رستن و چنینی شیکاگۆ وەک و رۆژی ژنان بناسن و هەتا ئێستا لەم رۆژەدا سەرنجی جیهان بۆ ئەو نابەرابەرییەی کە ژنان تێیدان رادەکێشرێت. لەکوردستانیشدا زۆر شاعیرو نووسەر لەسەر ژن و رۆڵی ژنان نوسیویانە.

پیرەمێردی مەزن دەڵێت: تا ئێستا روی نەداوە لەتاریخی میللەتان قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێت لەهەڵمەتا.

هەروەها بێکەسی شاعیر دەڵێت: نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵی نەدەن دوورە دەرچوونی لەدیلی مەل بەباڵێ نافرِێت

وەکو تر کەسایەتی ناوداری ژن لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا وێنەی خانزادی میری سۆران و حەپسەخانی نەقیب و لەیلا قاسم دەرکەوتوون کە لەئاستێکدا توانیویانە رۆڵ ببینن لەبەرێوەبردنی کۆمەڵگادا و چوارچێوەی خزمەتی ماڵ تێپەڕ بکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی باسی منە ئەوەیە کە ئەم هەوڵ و تێکۆشانانە لەسەر ئاستی جیهانی و کوردستانیش سەبارەت بەکێشەی ژن و پێگەی ژن لەکۆمەڵگادا، هەنگاوی سەرەتایین و دەتوانین بچوێنین بەو هەوڵانەی کە لەسەدەی (17_18)ی زاینیدا لەلایەن کرێکاران و ئەوانەی حەز بەئازادی و یەکسانی دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی مافی کرێکارو زەحەمتکێش دەدرا. واتە دەتوانێت ببێتە بنەماو سەرەتایەک بۆ تێکۆشانی رەگەزی ، بەڵام ناتوانێت ببێتە مانیفستۆیەک بۆ تێکۆشانی رزگاری ژن، چونکە ئەو هەوڵانەی کە دراون هەمیشە لەو روانگەیەوە سەیری تێکۆشانی ژنان و رۆڵی ژنانیان کردووە کە دەبێتە بەهێزکردنی تێکۆشانی نەتەوەیی یاخوود چینایەتی. لەکاتێکدا کە ژن وەکو رەگەز بۆخۆی خاوەنی کێشەیە. واتا هەمیشە وەکو یارمەتیدەر سەیری ژن کراوە نەک وەکو فاکتەرێکی سەرەکی لەسەر واقع. لەئەنجامی ئەمەدا دەبینین کێشەی ژن بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو چارەسەر نەبووە. رەنگە لەو قۆناخانەدا کە هیوای ژن بەستراوەتەوە بەتێکۆشانی چینایەتیو نەتەوەییەوە هەڵویستێکی بەم رەنگە واتاداربووبێت و موراڵ بەخش بووبێت بۆ ژنان کە بەشداری تێکۆشان بکەن. بەڵام ئەمڕۆکە کێشەی چینایەتی و نەتەوایەتی هەتا ئاستێک چارسەربوون، یاخوود ناتوانن ببنە پێگەی سەرەکی تێکۆشان، ئەوا کێشەی رەگەزی بەشێویەکی زەق خۆی دەداتە پێش و هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز ناچاردەکات کە سەبارەت بەم پرسە هەڵوێستی خۆی دیاری بکات. لەمەش زیاتر پێویستە تێکۆشانی رزگاری ژنیش هاوشێوەی ئایدۆلۆژیای چینایەتی و بورژوازیەت ببێتە خاوەنی ئایدۆلۆژیای تایبەت بەخۆی و لەسەر ئەو بنەمایە تێکۆشانی رەگەزی پەرەپێبدرێت. واتە چۆن مارکس و ئەنگلس توانیان لەسەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەی رابردوو کە لەپێناوی چینی کرێکارو زەحمەتکێشدا ئەنجامدرا بوو مانیفیستۆی تێکۆشانی پرۆلیتاریا بنووسن و بانگ لەکرێکارن بکەن کە یەکگرن. بەهەمان شێوە تێکۆشانی رزگاری ژنیش پێویستی بە وەها مانیفستۆیەکە کە کێشەی رەگەزی بکاتە بنەمای تێکۆشان. واتا کێشەی ژن وەک کێشەیەکی سەرەکی بگرێتە دەست نەک وەک کێشەیەکی لاوەکی. لەم روانگەیەوە پێم باشە باس لەوە بکەم کە ئەمڕۆ بەڕێز (عەبدوڵڵا ئۆج ئالان) یەکەم کەسە باسی لەوەها ئایدۆلۆژیایەک کردووەو چەندین پەرتوکی لەسەر نووسیوەو بنەماکانی ئەم کێشەیەی هەڵسەنگاندووەو رێبازی تێکۆشانەکەشی دیاری کردووەو پەیڕەویشی کردووە. هەر بۆیە چۆن ناتوانین باسی دەرکەوتنی بۆرژوازیەت بکەین و خۆمان لەقەرەی جان جاک رۆسۆ، ڤۆلتێرو دانتون نەدەین، یاخود باسی تێکۆشانی چینی پرۆلەتاریا بکەین و باز بەسەر مارکس و ئەنگلسدا بدەین، هەروەها ناتوانین باس لەبەرەو پێشەوەبردنی تێکۆشانی رەگەزی بکەین بێ ئەوەی باسی (عەبدوڵڵا ئۆج ئالان) و ئایدۆلۆژیای رزگاری ژن بکەین. بەڕێز (ئۆج ئالان)یش گرنگی بەوە دەدات کە ژنان وەکو رەگەز هەست بەکێشەکەی خۆیان بکەن و لەپێناوی ئازادیدا یەکگرن. منیش دەڵێم پێویستە ئەم دروشمە ببێتە دروشمی سەرەکی تێکۆشانی رەگەزی (ژنانی جیهان یەکگرن).